# ڕای خۆت بڵێ

## درێژه به خوێندنه‌وه...

### ئه‌مه چۆن کار ده‌کات

| هه‌نگاوی 1 |
| --- |
| من نامه‌یه‌ک هاوپێچ ده‌که‌م که تێدا ڕوونی ده‌که‌مه‌وه تا ئێستا له‌باره‌ی تۆ و بارودۆخی تۆ چی ده‌زانم. له‌م نامه دا ڕوونم کردووه‌ته‌وه که چۆن بڕیاری خۆم ئه‌ده‌م و له‌وانه‌یه چه‌ند پرسیاریشت لێ بکه‌م. |

| هه‌نگاوی 2 |
| --- |
| ئێستا تۆ ده‌بێ وه‌ڵامی ئه‌م نامه بده‌یته‌وه. پێم بڵێ ئایا ئه‌و زانیاریانه‌ی که من سه‌باره‌ت به تۆ هه‌مه ڕاستن. ئه‌گه‌ر هه‌ر شتێکی تر هه‌یه که به ڕای تۆ پێویسته بزانم پێم بڵێ و هه‌روه‌ها وه‌ڵامی پرسیاره‌کانم بده‌وه. ئه‌مه زۆر گرنگه چونکـه ده‌رفه‌تێکه بۆ دڵنیابوونه‌وه‌ی تۆ له‌وه‌ی که من هه‌موو زانیارییه پێویستیه‌کانم هه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی بڕیارێکی دروست بده‌م. |

| هه‌نگاوی 3 |
| --- |
| کاتێکه وه‌ڵامی تۆ گه‌یشته ده‌ستم، من بڕیاری خۆم ئه‌ده‌م مه‌گه‌ر ئه‌وه‌ی پێویستم به زانیاریی زیاتر بێت. ئه‌گه‌ر تۆ وه‌ڵام نه‌ده‌یته‌وه، ئه‌وا من به‌پێی ئه‌و زانیاریانه‌ی که هه‌مه بڕیاری خۆم ئه‌ده‌م. من بڕیاره‌که به نووسراوی بۆ تۆ ده‌نێرم و وێنه‌یه‌کی ده‌نێرم بۆ جاب سێنتێر پڵاس. |

## ئەمە چەندە دەخایەنێت

هەرەک   تۆ زووتر وەڵام بدەیتەوە، ئەوەندە من زووتر دەتوانم بڕیاری خۆم بدەم. ئاساییانە کارەکان لە ماوەی یەک هەفتە پاش وەڵامی تۆ جێبەجێ دەکرێت.

## ئەگەر تۆ هەرچەشنە پرسیارێکت هەبێت

ئێمە ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان ئەدەین بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەین. تکایە لە ڕۆژانی  دووشەممە تا هەینی لە نێوان 9ی بەیانی تا 4.30 ئێوارە لە ڕێگەی ژمارەی 0800 096 1926 تەلەفۆنمان بۆ بکە. دەبێت تۆ ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو کەسە قسە بکەی کە دەتوانی یارمەتیت بدات. پەیوەندییەکەی تۆ ئەگەر لە تەلەفۆنی زەمینیەوە بێت خۆڕایی دەبێت. ئەگەر تەلەفۆنی مۆبایل بەکاربێنی، ئێمە تەلەفۆنت بۆ دەکەینەوە.

## چۆن وەڵام بدەیتەوە

تۆ دەتوانی لە ڕۆژانی دووشەممە تا هەینی لە نێوان 9ی بەیانی و 4.30 ئێوارە بە تەلەفۆن لە ڕێگەی ژمارەی 0800 096 1926 وەڵام بدەیتەوە. پەیوەندییەکەی تۆ ئەگەر لە تەلەفۆنی زەمینیەوە بێت خۆڕایی دەبێت. ئەگەر تەلەفۆنی مۆبایل بەکاربێنی، ئێمە تەلەفۆنت بۆ دەکەینەوە. ئاساییانە دەتوانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێمە قسە بکەی. ئەمە خێراترین ڕێگەیە بۆ وەڵامدانەوە. ئێمە وەڵامەکەی تۆ دەنووسین و بە دەنگی بەرز دەیخوێنینەوە بۆت. ئێمە کۆپییەک لەو شتانەی کە وتووتە لەگەڵ بڕیاری دەرچوو دەنێرینەوە بۆت.

تۆ دەتوانی بە نووسراوی وەڵام بدەیتەوە، **فۆرمی وەڵامدانەوە بەکاربێنە لەگەڵ ئەو زەرفەی   کە ئێمە ناردوومانە بۆت.**

ئەگەر پێویستە بە زمانێکی دیکە لەگەڵمان قسە بکەی یان نامەمان بۆ بنێری، ئێمە دەتوانین ئامادەکاریی پێویست بۆ ئەمە بکەین. پێوەندیمان پێوە بکە بە ژمارەی 0800 096 1926 تا لەم بارەوە لە گەڵ تۆ قسە بکەین.

## ئەگەر تۆ گرفتی بینین یان بیستنت هەبێت

ئەگەر تۆ گرفتی بینایيت هەیە و  پێویستە ئێمە نامەکانت بە پیتی برەیل، بە شریتی دەنگ یان چاپی ئەستوور ئامادە بکەین تکایە بە ژمارەی 0800 096 1926 تەلەفۆنمان بۆ بکە.

ئەگەر تۆ گرفتی بیستنت هەیە و دەستت بە ئامێری تێکستفۆن دەگات، دەتوانی بە ژمارەی 0800 096 1929 پەیوەندیمان پێوە بکەی.

## ئەگەر تۆ سکاڵایەکت هەیە

ئەگەر تۆ لە هەر لایەنێکی خزمەتەکانی ئێمە ڕازی نیت، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە. تۆ دەتوانی بە ژمارەی خۆڕایی 0800 096 1928 تەلەفونمان بۆ بکەی یان لە ڕێگەی پۆستی خۆڕاییەوە نامە بنێری بۆ ئێمە ۆبل خزمەتگوزاری پێداچوونەوەی سەربەخۆ:  Independent Review Service, Freepost .

**سیاسەتی ئێمە بۆ پاراستنی نهێنییەکان ڕوونی دەکاتەوە کە ئێمە چۆن کەڵک وەردەگرین لەو زانیارییانەی کە تۆ ئەیدەی بە ئێمە. هەرکات داوا بکەی ئێمە سیاسەتنامەی خۆمان بۆ تۆ دەنێرین و هەروەها دەتوانی لەسەر ماڵپەڕی www.irs-review.org.uk بیخوێنیتەوە.**